# هەندێک لەو فەرموودانەی کە سەبارەت بە چاکەی مانگی موحەڕەم هاتوون لە گەڵ هەندێک لە بیدعەکانی ئەم مانگە

[ كردي – کوردی – kurdish ]

ئامادەکردنی : عەدنان بارام

پێداچوونەوەی :پشتیوان سابیر عەزیز

2009 - 1430

islamhouse.com

# بعض الأحاديث الواردة في فضل شهر محرم وصوم يوم عاشوراء مع بعض البدع والمخالفات التي تقع في هذا الشهر

« باللغة الكوردية »


إعداد : عدنان بارام

مراجعة : بشتيوان صابر عزيز



2009 - 1430

islamhouse.com

# هەندێک لەو فەرموودانەی کە سەبارەت بە چاکەی مانگی موحەڕەم هاتوون لە گەڵ هەندێک لە بیدعەکانی ئەم مانگە

**إن الحمد لله نحمده ونستعينه ، ونستغفره ، ونعوذ بالله من شرور أنفسنا ومن سيئات أعمالنا ، من يهده الله فلا مضل له ، ومن يضلل فلا هادي له ، وأشهد أن لا إله إلا الله [ وحده لا شريك له ] ، وأشهد أنّ محمداً عبده ورسوله ... أما بعد** : بە پشتیوانی خوای پەروەردگار لەم کورتە باسەدا هەوڵدەدرێت هەندێك لەو فەرموودانە بخرێتە روو کە سەبارەت بە چاکەی مانگی موحەرەم هاتوون ، و پاشان هەندێك لەو حوکمانەی کە لێیانەوە وەردەگیرێت ، و بەدوای ئەوەشدا ئاماژە دان بە هەندێك لەو بیدعانەی کە لەم مانگەدا بڵاوبوونەتەوە ، بە هۆی دەمارگیری و نەزانینەوە بە ناو موسڵماناندا ، لەو فەرموودانەش :

1 ـ لە **( أبو هريرة ) ( رضي الله عنه )** دەگێرنەوە کە فەرموویەتی : پێغەمبەری خوا ( صلى الله عليه وسلم ) فەرموویەتی : " **أفضل الصيام بعد رمضان ، شهر الله المحرم ...** " ( رواه الإمام أحمد في مسنده ( 2/ 303) ، و رواه مسلم في صحيحه (821/3) كتاب الصيام ، حديث رقم : 1163، و رواه أبو داود في سننه (2/ 811) كتاب الصوم ، حديث رقم : 2429 ، و رواه الترمذي في سننه مختصراً (12/2) أبواب الصوم ، حديث رقم : 737 ، و قال : حديث حسن ، و رواه النسائي في سننه (206/3، 207) باب قيام الليل ، و رواه ابن ماجه في سننه (554/1) كتاب الصيام ، حديث رقم: 1742 ) .

واتە : باشترینی رۆژووەکان دوای رۆژووی رەمەزان رۆژووی مانگی موحەرەمە .

2 ـ وە لە ( ابن عباس ) ( رضي الله عنه ) دەگێرنەوە کە فەرموویەتی : پێغەمبەری خوا (صلى الله عليه وسلم ) کۆچی کرد بۆ مەدینە بینی گاورەکان ( اليهود ) عاشورا بە رۆژوو دەبن ، ئەویش فەرمووی : " ما هذا ؟ " ئەمانە بۆچی بە رۆژوو دەبن ؟ پێیان فەرموو : ئەمە رۆژێکی پیرۆزە ، ئەمە ئەو رۆژەیە کە خوای پەروەردگار بەنی ئیسرائیلی لە دەستی دووژمنەکەیان رزگار کرد ، پێغەمبەر ( موسى ) ش تیدا بە رۆژوو بووە ، ئەویش فەرمووی : " **فأنا أحق بموسى منكم ، فصامه وأمر بصيامه** " ، واتە : من لە پێشترم لە ئێوە بە موسى ، بۆیە بە رۆژوو بوو تیایدا ، فرمانیشی کرد بە رۆژوو گرتنی . ( متفق عليه : رواه البخاري في صحيحه مع فتح الباري (244/4) كتاب الصوم ، حديث رقم : 2004 ، واللفظ له ، و رواه مسلم في صحيحه (795/2) كتاب الصيام ، حديث رقم :1130 ) .

3 ـ هەروەها لە ( ابن عباس ) ( رضي الله عنه ) دەگێرنەوە کە فەرموویەتی : : " **مَا رَأَيْتُ النَّبِىَّ ( صلى الله عليه وسلم ) يَتَحَرَّى صِيَامَ يَوْمٍ فَضَّلَهُ عَلَى غَيْرِهِ ، إِلاَّ هَذَا الْيَوْمَ يَوْمَ عَاشُورَاءَ وَهَذَا الشَّهْرَ . يَعْنِى شَهْرَ رَمَضَانَ** " واتە : نەمبینیوە پێغەمبەری خوا ( صلى الله عليه وسلم )

بەدوای ڕۆژێکدا گەرابێت بۆ ڕۆژوو گرتنی ـ کە بە پێشتری دانابێت لە ڕۆژەکانی تر ـ ئەم ڕۆژە نەبێت ـ کە ڕۆژی عاشورایە ـ و ئەم مانگە ، کە مانگی رەمەزانە . ( رواه البخاري في صحيحه مع فتح الباري (245/4) كتاب الصوم ، حديث رقم : 2006 ، و رواه مسلم في صحيحه (797/2) كتاب الصيام ، حديث رقم : 1132 ) .

4 ـ وە لە ( أبو قتادة ) ( رضي الله عنه ) دەگێرنەوە کە فەرموویەتی : پێغەمبەری خوا ( صلى الله عليه وسلم ) فەرموویەتی : " **... ، وصيام يوم عاشوراء أحتسب على الله أن يكفِّر السنة التي قبله** " واتە : وە ڕۆژووی ڕۆژی عاشوراش داواکارم لە لای خوای پەروەردگار تاوانی ساڵکی پێش خۆی بسرێتەوە . ( رواه أحمد في مسنده ( 5/ 296 ، 297 ) ، و رواه مسلم في صحيحه (818/3 ، 819) كتاب الصيام ، حديث رقم : 1163 ، و رواه أبو داود في سننه (3/ 818، 819) كتاب الصيام ، حديث رقم : 3435 ) ، و رواه الترمذي في سننه مختصراً (136/3) أبواب الصوم ، حديث رقم: 749 ، و رواه ابن خزيمة في صحيحه (3/ 288) أبواب صوم التطوع ، حديث رقم : 2087 ) .

5 ـ هەروەها لە ( ابن عباس ) ( رضي الله عنه ) دەگێرنەوە کە فەرموویەتی : " ئەو کاتەە کە پێغەمبەری خوا ( صلى الله عليه وسلم ) ڕۆژی کە ڕۆژووی عاشورای گرت ، و فرمانی کرد بە ڕۆژوو گرتنی ، پێیان ووت : ئەی پێغەمبەری خوا ! ئەمە ڕۆژێکە گاور و خاچ پەرستان بە گەورەی دادەنەن ، پێغەمبەری خواش ( صلى الله عليه وسلم ) فەرمووی : " **فإذا كان العام المقبل ، إن شاء الله ، صمنا اليوم التاسع** " ، ئەگەر ساڵی داهاتوو دا بێت ، ڕۆژی نۆیەمیش بە ڕۆژوو دەبین . ڕاوی دەڵێت: ساڵی داهاتوو بەسەردا نەهات پێغەمبەری خوا ( صلى الله عليه وسلم ) کۆچی دوای کرد . وە لە ڕیوایەتێکی تردا هاتووە : " **لئن بقيت إلى قابل لأصومن التاسع** " ( رواه الإمام أحمد في مسنده ( 1/ 236) ، و رواه مسلم في صحيحه (797/2 ، 798) كتاب الصيام ، حديث رقم : 1134 ، و رواه أبو داود في سننه (818/2 ، 819) كتاب الصوم ، حديث رقم : 2445 ، و رواه ابن ماجه في سننه (552/1) كتاب الصيام ، حديث : 1736 ) .

**لە کۆی ئەم فەرموودانە ئەوەمان بۆ ئاشکرا دەبێت کە** : گرتنی ڕۆژوو لەم مانگەدا بە گشتی سوننەتە ، و بە باشترین ڕۆژووش دادەنرێت لە نێو مانگەکانی تری ساڵ جگە لە مانگی رەمەزان نەبێت ، بە تایبەت ڕۆژی دەیەمی کە پێی دەووترێت عاشورا ، پێغەمبەری خواش لە ڕۆژانی تر زیاتر بەدوایدا گەراوە ، و خێرەکەشی سرینەوەی تاوانی ساڵێکی پێش خۆیەتی ، نۆیەمیشی لە گەڵدا دەگیرێت بۆ پێچەوانە بوونەوەی گاور و خاچ پەرستان ، حیکمەت و بۆنەی بە ڕۆژوو بوون تێدا بریتیە لە ڕزگار کردنی خوای پەروەردگار بۆ بەنی ئیسرائیل لە دەستی دووژمنەکەیان کە فیرعەونی سەکەش و دارو دەستەکەی بوون .

**لەو بیدعانەش کە لەم مانگەدا داهێنراوون، کردنی ئەم مانگە ـ بە تایبەت ڕۆژی عاشورا ـ بە مانگ و ڕۆژی خەمباری لە لایەن شیعەکانەوە :**

* لەو بیدعە و تازەگەریانەی کە داهێنراون لەم مانگەدا : رێگرتن لە خۆ رازاندنەوە شەرعیەکان لەم مانگەدا ، بۆیە دەبینین ئافرەتان واز لە خۆرازاندنەوەکانیان دێنن وەکو چاو رەشتن ، و خەنەدان ، و جل و پۆشاکی جوان ... هتد ، و ئافرەتان بگرە پیاوانیش جلی رەش لە بەر دەکەن !!!

* هەندێك لە خەڵك واز لە خواردنی گۆشت ئەهێنن لەم مانگەدا !!!

* گرێبەندی ژنخوازی ( عقد الزواج ) و نان دانی شایش ( الوليمة ) لەم مانگەدا بەحەرام دا دەنرێت !!! و تازە بووکیش لە مێردەکەی قەدەغە دەکرێت با کاتێکی کەمیش بە سەر گواستنەوەکەیدا رۆشتبێت !!!

* کۆری ماتەمینی و تەعزیە و لە روومەت دان ، و لە سینە دان ، و یەخە دادرین شیوەن کردن زۆر زۆر دەبێت !!!

* بەیداخ و پەرچەمی رەنگاو نووسراوی شرکی تێیدا زۆر دەبێت .

* ئەو منداڵەش کە لەم مانگەدا لە دایك ببێت بە شووم و نەنگ بەخت خراپ دادەنرێت !!
پێشەوا و شێخی پایە بەرزی ئیسلام ( ابن تيمية ) فەرموویەتی : : (( **وصار الشيطان بسبب قتل الحسين ( رضي الله عنه ) يحدث للناس بدعتين : بدعة الحزن والنوح يوم عاشوراء ، من اللطم والصراخ ، والبكاء ، والعطش ، وإنشاء المراثي ، وما يفضي إلى ذلك من سبّ السلف ولعنهم ، وإدخال من لا ذنب له مع ذوي الذنوب ، حتى يسب السابقون الأولون ، وتقرأ أخبار مصرعه التي كثير منها كذب ، وكان قصد من سن ذلك ، فتح باب الفتنة والفرقة بين الأمة ، فإن هذا ليس واجباً ولا مستحباً باتفاق المسلمين ، بل إحداث الجزع و النياحة للمصائب القديمة ، من أعظم ما حرمه الله ورسوله** ( **صلى الله عليه وسلم** ) **)) .**
( يراجع : منهاج السنة النبوية : 2 / 322 ، 323 ) .

واتە : شەیتانیش بەهۆی کوشتنی ( حسین ) ەوە ( رضي الله عنه ) دوو بیدعەی لە ناو خەڵکدا هێنا کایەوە : بیدعەی غەمباری و شیوەن کردن لە رۆژی عاشورادا ، لە لە روومەت دان ، و هات و هاوار کردن ، و گریان ، و خۆتینوو کردن ، و سازدانی کۆری ماتەمینی ، و ئەوەش کە بە هۆی ئەوەوە دەبێت لە قسەکردن بە سەلەف و لەعنەت لێکردن ، و تەنانەت ئەوانەش کە هیچ تاوانیان نیە لەو کارەدا لە گەڵ تاوانبارات تێکەڵ دەکرێن ، تاکو دەگاتە قسەکردن و جنێو دان بە هاوەڵە پێشینەکانی ئەم ئوممەتە ، و چەندەها هەواڵ بڵاودەکێتەوە کە زۆری درۆیە ، نیتی ئەوانەش کە دایانهێناوە نانەوەی فیتنە و دووبەرەکیە لە نێو ئوممەتی ئیسلامیدا ، ئەمانەی کە دەکرێن نە واجبن و نەش سوننەتن بە یەك دەنگی موسڵمانان ، بەڵکو دروست کردن و ئەنجامدانی ئەو جۆرە نارەزای دەربرین ، و شیوەن کردنە بۆ موسیبەتی کۆن لە گەورەترینی ئەو شتانەیە کە خوای پەروەردگار و پێغەمبەرەکەی ( صلى الله عليه وسلم ) قەدەغە و حەرامی کردوون .

**کردنی ئەم مانگە ـ بە تایبەت ڕۆژی عاشورا ـ بە مانگ و ڕۆژی خۆشی لە لایەن نەواصیبەکانەوە :**

لە باسی پێشوودا باسی هەندێك بیدعە کرا کە لە لایەن شیعەکانەوە داهێنراون ، لێرەشدا باسی ئەو بیدعانە دەکەین دەکرێت کە لە لایەن نەواصیبە گومراکانەوە لە دژی شیعەکاندا داهێنراوون، لەوانەش : کردنی ئەم مانگە بە مانگی خۆشی و دەربرینی شادی !!! چەندەها ووتە و هۆنراوەیان لە دەربرینی خۆشیدا نووسیوەتەوە لەم مانگەدا ، بۆیە دەبینین چاو ڕەشتن ، و خەنەکردن، و فراونکردنی نەفەقە لە سەر ماڵ و منداڵیان ، و لێنانی خواردنی زۆر هەروەکو چۆن لە بۆنە و چەژنەکاندا ئەنجام دەدرێت !!! ئەو ناصیبانە ڕۆژی عاشورا بە جەژن دەزانن هەروەکو هەموو جەژنەکانی تر !! **( يراجع : مجموع فتاوى شيخ الإسلام ابن تيمية : 309 ، 310 ) .**

پێشەوا و شێخی پایە بەرزی ئیسلام ( ابن تیمیە ) فەرموویەتی : **وكانت الكوفة بها قوم من الشيعة المنتصرين للحسين ( رضي الله عنه ) ، ... ، وقوم من الناصبة المبغضين لعلي ( رضي الله عنه ) وأولاده ، ... ، فأحدث أولئك الحزن ، وأحدث هؤلاء السرور ، و هذه بدعة أصلها من المتعصبين بالباطل على الحسين ( رضي الله عنه ) ، وتلك بدعة أصلها من المتعصبين بالباطل له ، وكل بدعة ضلالة ، ولم يستحب أحد من الأئمة الأربعة وغيرهم لا هذا ولا هذا ، ولا في شيء من استحباب ذلك حجَّة شرعية** ( يراجع : منهاج السنة النبوية : 3 / 323 ) .

واتە : لە شاری کوفەدا کۆمەڵك هەبوون سەرخەر و پشتیوانی ( حسین ) بوون ( رضي الله عنه) ، کۆمەڵێکیش هەبوون لەوانەی کە ڕقیان لە ( علی ) ( رضي الله عنه ) و کورەکانی بوو !!! بۆیە ئەوانەیان خەمباری و ماتەمیان داهێنا ، و ئەمانەش دڵخۆشی و شادومانی ، کە ئەمەیان بیدعەی ئەو کەسانەیە کە بە ناحەق ڕقیان لە ( حسین ) ە ( رضي الله عنه ) ، و ئەوەشیان بیدعەیەکە لە لایەن ئەوانەوە داهێنراوە کە دەمارگیری نارەوایان هەیە بۆی !!! هەموو بیدعەیەکیش گومراییە ، و ئەوەش بزانە کە هیچ یەکێك لە چوار پێشەواکەی ئیسلام نە ئەمە و نە ئەوەشیان بە سوننەت دا نەناوە ، و هیچ بەڵگەیەکیش نیە لە سەر سوننەتی هیچ شتێك لەوانەی کە باس دەکرێن .

وَآخِرُ دَعْوَانا أنِ الْحَمْدُ لِلّهِ رَبِّ الْعَالَمِينَ

8 ی / موحەرەم / 1429 ك

ئامادەکردنی : مامۆستا عدنان بارام